# دوو پرس و دوو پەیڤ

**مەهاباد کوردی**

* پرسی کاندیدکردنی ئیبراهیم ئەلجەعفەری بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران لە عێراق، کە لە زۆر لاوە ناوی "گرێکوێرەی ئەلجەعفەری" لێ نراوە، ماوەیەکی باشیشە کورد و بە تایبەت سەران و ڕێبەرانی ئەو گەلەی بەخۆوە خەریک کردووە. "هاوپەیمانی کوردستانی" و "بەرەی تەوافوق"ی عەرەبی سوننی و چەند لایەنێکی دیکە دەگەڵ ئەوەدا نین سەرلەنوێ ئیبراهیم ئەلجەعفەری ببێتەوە بە سەرۆکی وەزیران لەو وڵاتەدا و، دووبارەش حکوومەت پێکبهێنێتەوە. هەریەک لەو دوو لایەنە، کورد و عەرەبی سوننە، بیانوو و ڕای تایبەت بە خۆیان هەیە سەبارەت بە ڕازینەبوونیان لەمەڕ دروستکردنی حکوومەت بە سەرۆکایەتیی ئەلجەعفەری. عەرەبە سوننەکان هەر لە دەستپێکدا کەسی ناوهاتوویان بە تایەفەگەر و لایەنگری ئێران و زۆر شتی دیکەش تاوانبار کردووە. ئەوان هەر ئەلجەعفەری نا، بگرە گەلێ ڕێکخراو و لایەنی تریشیان داوەتە بەر پەلاماری ڕەخنە و بە بەکرێگیراو و نانیشتمانی تۆمەتباریان کردوون، وەک ئەوەی بە خۆیان لەو بوارەدا پەرێزیان ئەوەندە پاک بێ کەس نەتوانێ داویان لەدوو هەڵگرێتەوە! هەرچی کورد و سەرکردایەتییەکەیەتی لەوانەیە بە جۆرێکی تر بۆ مەسەلەکان بچن و شتەکان بە هەندێ خاڵ گرێ بدەن کە زیاتر پەیوەندییان بە خودی کوردەوە هەبێ، نەک بە کابرایەکی وەک ئەلجەعفەری. کێشەی نێوان ئیبراهیم ئەلجەعفەری و ئەو کوردانەی کە ئەمڕۆ لە بەغدا بوونەتە نوێنەری ئەو میللەتە، دوای سەردانی ئەوی یەکەمیان بۆ تورکیا لە جاران زیاتر قووڵ بووەوە و تەشەنەی سەند. لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی کوردی و عەرەبی و بیانیدا باس لەوە دەکرێ کە ئەلجەعفەری کەسێکی تاکڕەو و کەللەڕەقە و حەزیشی لە دەسەڵاتە. هەروەها ناوبراو لە زۆر بۆنەدا چ حیسابێکی بۆ وەزیر و گزیرە کوردەکانی بارەگا لە بەغدا نەکردووە و پشتگوێی خستوون. ئەی هەر ئەو نەبوو پرسەخەسوانێیەکیشی بە سەرۆکی "عێراقی فیدرالی پارتی و یەکێتی" نەکرد و بەرەو باوەشی تۆرانییە کەمالیستەکان تێی تەقاند؟!

ئەمانە هەموویان بە لایەک و دۆزی کوردیش لە باشووری کوردستان بە لایەکی ترەوە بوەستێ، چونکە کەس نییە نەزانێ گرفتی سەرەکی لێرەدا تەنیا پەیوەندی بە هەڵبژاردن یا هەڵنەبژاردنی کابرایەکی عەرەبەوە نییە بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران لە عێراقدا. پێش ئیبراهیم ئەلجەعفەری حکوومەتی ئەییاد عەللاویشمان لە بەغدا بینی. ئایا ئەو حکوومەتەی کە عەللاوی سەرۆکایەتی کرد، چ هەنگاوێکی بەرچاوی نا بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی تایبەت بە دۆزی ڕەوای کورد و خاکی کوردستان؟ گەلۆ کوردی باشووری کوردستان دەبێ بەتەنێ چاویان لەوە بێ، لە بەغدای ناوەندی دەسەڵات کێ دەبێ بە سەرۆکی حکوومەت، یانیش بە تەواوەتی بە پێچەوانەی ئەمەوە؟! داخوا

جێگۆڕکردنی سەرۆک وەزیران لە عێراقی دوای سەددام و تۆی تەنگوچەڵەمەدا، دەشێ بکرێتە پێوەر و پێوانەیەک بۆ دانان بە گشت مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا، لە لایەن نەتەوەی سەردەستی عەرەبەوە، بە جۆرێک کە کورد ڕۆژێک بتوانێ بە یەکجاری ماڵئاوایی لە عێراقی نەفرەتی و خودی عەرەبیش بکات؟!

** بە بۆنەی تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر ڕووخاندنی ڕژێمی خوێنمژی بەعس لە عێراقدا، کە بە زەبری هێزی ئەمریکا هێنرایە سەر چۆک، لە کەناڵی ئەلجەزیرە بەرنامەیەکم بەر چاو کەوت. بەرنامەکە کە شێوەی دانیشتنێکی لایەنە سیاسییە کوردی و ناکوردییەکانی بەخۆوە گرتبوو، دیار بوو بە دەستپێشخەری کەناڵی ئەلجەزیرەی قەتەری - بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە هەولێری کوردستان! - ساز کرابوو. کابرای سەرپەرشتیکار و بەڕێوەبەری ئەم بەرنامەیە عەرەبێکی عێراقی بوو کە هەندێ جار لە قاهیرەی میسریشەوە ڕاپۆرتەهەواڵ بۆ ئەلجەزیرە دەنێرێت. جەواد عەبدولعەزیم، گەر بە هەڵەدا نەچووبم ئەمە ناوەکەیەتی، تا بڵێی کەسێکی قەڵپ و ناحەزە و، بە دەگمەنیش نەبێ لە کاتی خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکانیدا ئەوەی باسی نەکات "کورد" و "کوردستان"ە. ئەم "جەواد"ە کە بە عەرەبی میسری ناوەکەی بە زەرەر بۆی دەگەڕێتەوە، تەنیا و تەنیا ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ لە خاڵی "شیمالی عێراق"ە. تەنانەت لەو بەرنامەیەی کە لە کەناڵی ئەلجەزیرەش بە ئێمەی بینەران نیشان درا، خوا هەڵناگرێ، بابای عەرەبی عێراقی لە حزووری چاوساغ و پێشسوار و کاربەدەستانی کورددا هەر هەمان ناماقوولی کرد و، من خۆم گوێم لێ بوو کاتێ کە پرسیاری لە "ئوستاد سەعدی..." کرد، گوتی: "شیمال ئەلعێراق" و دواییش بۆ چاووزار "کوردستانولعێراق"ێکی پێوە لکاند! جێی داخە "ئوستاد سەعدی" نەک هەر بەرپەرچی ئەوی نەدایەوە و بۆیشی ڕوون نەکردەوە کە شتێک لە ئارادا نییە بە ناوی "شیمال ئەلعێراق" و ئەوەی هەیە ناوی "کوردستان"ە، بگرە ئەم "ئوستاد"ەمان شێلگیرانە داکۆکی لە عێراقچێتی سەرکردەکانی کورد دەکرد و عێراقیبوونی خۆیشی دەبارە دەکردەوە! ئەرێ بە ڕاست چەند تاکی فەلەستینی ئامادەن لە یەک کاتدا خۆیان بە "فەلەستینی و ئیسرائیلی" دابنێن؟! ئایا شتێکی لەو جۆرە، سەرکردە کوردەکانی لێ دەرچێت، لە شوێنگەلی دیکەی دنیادا دەبینرێت؟! ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە، خۆ هەر سەرۆکی کوردستان مەسعوود بارزانی، بە زمانی خۆی بە جاران گوتوویەتی ئێمە جارێکی تر ئەو ئالایەی بەعس"ئالای عێراق" - کە لەژێر سێبەریدا دەیان تاوانی گەورە بەرامبەر بە کورد ئەنجام دراوە - لە کوردستان بەرز ناکەینەوە، کەچی هەر لەو بەرنامەیەی ئەلجەزیرەدا - لە هەولێریش! - ئالایەکی نەگریسی بەعس بە لادیوارێکی پشت کاکی پێشکەشکەری بەرنامەکەوە دەشەکایەوە و چاوی لە چاوی تەماشاڤانان نابووا!!

کەناڵی ئەلجەزیرە کە خەڵکی عەرەب و شیعەکان پەیامنێرەکانیشیان لە ناوەڕاست و باشووری عێراق دەرکرد، لە کوردستانی "ئازاد و دیموکرات"دا گەلێ جار سووکایەتی بە

**خودی کورد و دۆزە ڕەواکەی کردووە. کاتی خۆی هەر پەیامنێرەکەی ئەلجەزیرە بوو، لە باشووری کوردستانەوە ڕاپۆرتی ئامادە دەکرد و باسیشی لە "سەرچاوە ئاوی و سرووشتییەکانی نیشتمانی عەرەب" دەکرد! ئەلجەزیرە کە پەیمانێرەکەی کوردێکی "زاوێتەیی"شە، یەک دوو ڕاپۆرتی نەبێ، دەنا هەمیشە زمانی قسەکردنی چ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ زمانی قسەکردنی پەیامنێرانی تری کەناڵەکە. ئەم بابای "زاوێتەیی"یەش عەرەبئاسا "کوردستان"ی بە "شیمالی عێراق" ناو بردووە.**

ستۆکهۆڵم 13-4-2006 mehabadk@hotmail.com